# سەرلەنوێ تازەبوونەوەی قەیرانی هەرێمی ناگۆرنی قەرەباخ

راپۆرتی (سەنتەری RCSS)

سەبارەت بە ئاڵۆزییەکانی باشووری قەوقاز

**Trouble in South Caucuses**

سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییە تەمەن 22 ساڵەکەی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر هەرێمی «ناگۆرنی قەرەباخ» لە سەرەتای مانگی ئەپرێلی ئەمساڵدا، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازیدا کە بە توندترین ڕووبەڕووبوونەوە دادەنرێت لە مێژووی ڕووبەڕووبوونەوەکانی هەرێمەکە لەدوای ساڵانی نەوەدی سەدەی بیست و شەڕی نێوان هەردوو دەوڵەتەکە، ئاماژەیە بە خواستی ئازەربایجان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ ئەم ململانێیە، کە هەتاوەکو ئێستا هەوڵە دیبلۆماسییەکان شکستیان هێناوە لە چارەسەرکردنیدا، هەروەها بۆ بەکارهێنان و پیشاندانی توانا سەربازییەکانی خۆی بۆ گۆڕینی

FOCUS

واقیعەکە لەسەر زەوی، ئەمەش لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی فشارەکانی سەر ئەرمینیا و زیانپێگەیاندنی، بەجۆرێک کە ئەرمینیا ناچار بکات بە ئەنجامدانی سازش. ڕەوش و بارودۆخەکەی ئەم خولەی ناکۆکییەکان، ئاماژەن بۆ مەترسیگەلێک کە لە دۆخی سەرنەکەوتنی گفتوگۆ و ڕێگەچارەی دیبلۆماسییەوە بەرزدەبێتەوە بۆ شەڕێکی کـراوە، وڵاتی ئازەربایجان کە لە میانەی ساڵانی ڕابردوودا توانستێکی گەورەی سەربازی کەڵەکەکردبوو، لە ئێستادا گیرۆدەی دەستی دابەزینی نرخەکانی نەوت و بەرزبوونەوەی تورەیی و نارەزایەتیی جەماوەرە، ئەوەش وەهای کردووە چوونی بۆناو ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ببێتە ئۆپشنێکی کراوە بۆ دووبـارە جێپێ قایمکردنەوەی خۆی لەناوخۆدا. لەو دەمەی ئەوروپا سەرقاڵە بە دەرهاویشتەکانی تەنگەژەی پەنابەران، هاوکات هەوڵە دیبلۆماسییەکانیشی بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی بەرەوپێشچوون لەم پرسەدا، هەتاوەکو ئێستا شکستیان هێناوە. هەرچەندە ڕوسیا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەردوو لایەندا هەیە، بەڵام تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا -کە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئازەربایجانە-، کەشوهەوایەکی لەبار ناهێنێتە ئاراوە بۆ بینینی ڕۆڵی نێوەندگیر.

## فاکتەرە پاڵنەرەکان بۆ تازەبوونەوەی قەیرانەکە

-نەبوونی چارەسەرێکی یـەکلاکـەرەوە بۆ ناکۆکییەکە: ئەو جەنگەی لەنێوان «هێزەکانی ئازەربایجان» و «ئەرمینییە جوداخوازەکان»دا ڕوویدا -کە لەلایەن حکومەتی ئەرمینیاوە پاڵپشتی دەکرێن- سەبارەت بە چارەنووسی هەرێمی «ناگۆرنی قەرەباخ»، لە ساڵی 1994 بە ئەنجامدانی ئاگربەستێک کۆتاییهات بە سەرپەرشتی گروپی مینسک (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕوسیا، فەرەنسا)، کە تایبەتمەندە بە بەڕێوەبردنی دانوستانەکانی تایبەت بە چارەسەری قەیرانەکە.

ئـەم ئاگربەستە هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ دانانی چوارچێوەیەکی کۆتایی بۆ هەرێمەکە، کە تاکلایەنە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندووە بەبێ ئەوەی هیچ دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی هەبێت هـەتـاوەکـو ئێستا، تائێستاش ڕێـکـخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەپێی لێدوانی لەسەر تەنگەژەکە، بە بەشێک لە خاکی ئازەربایجانی دادەنێت. هەروەها پرسی دیاریکردنی سنووری هەرێمەکەشی یەکلانەکردۆتەوە، جگە لەوەی تایبەتە بە دیاریکردنی ناوچەیەکی دابڕاو کە ناسراوە بە هێڵی تەماس (contact line)ی نێوان هــەردوولا. هەروەها ئاگربەستەکە بڕیاردان لەسەر بڵاوکردنەوەی هێزە ئاشتیپارێزەکان ناگرێتەخۆ، کە لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی بەریەککەوتنەکانی نێوان هەردوولادا ببێتە بەربەست و ڕێگر لە شەڕ. سەرەڕای تێپەڕینی 22 ساڵ بەسەر شەڕە توندەکاندا، بەڵام هەتاوەکو ئێستا هیچ ڕێککەوتنێکی کۆتایی لەنێوانیاندا نەهاتۆتە ئاراوە.

**لە ماوەی ئەو دوو دەیەی ڕابردوودا، هەریەکە لە ئەرمینیا و ئازەربایجان ئەم ناکۆکییەیان کردۆتە یەکەمین پرسی نەتەوەیی خۆیان، حکومەتەکانی هەردوو وڵات بە بەردەوامی ئەم پرسە و ڕووداوی بەریەککەوتنە سەربازییە یەک لەدوای یەکانیان لەناوری گشتیدا بەکارهێناوە**

”

-سەرنەکەوتنی بەردەوام لە گەیشتنە چارەسەرێک لە ڕێگەی کەناڵە دیبلۆماسییەکانەوە: لای خۆیانەوە و لە ماوەی دوو ساڵی رابـردوودا گروپی «مینسک» بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ و روسیا بە شێوەیەکی تاکلایەنە، هەستاون بە پێشکەشکردنی کۆمەڵە فۆرمولەیەک بۆ ئەگەری رێککەوتنێکی کۆتایی لەنێوان هەردوولادا، بەڵام هیچیان لێ سەوز نەبوو. شکستی گەیشتنە رێگەچارەی ئاشتیانە لە رێگەی کەناڵەکانی گفتوگۆ و دانوستانەوە، بۆتە مایەی لاوازبوونی ئەم کەناڵانە و نەمانی کاریگەرییەکەیان، بەتایبەت سەبارەت بە گروپی «مینسک»، لەبەرئەمەیە ئازەربایجان پەنای بردۆتەبەر گەڕان بەدوای مینبەری دیکەی نێودەوڵەتیدا کە لە رێگەیەوە پرسەکە بوروژێنێت، کە بەم دواییانەش بۆتە «هاوبەشی گفتوگۆ» لە رێکخراوی «شەنگەهای» بۆ هاریکاری، کە ئەم رێکخراوەش لای خۆیەوە لە هەوڵدایە بۆ خستنەڕووی تەنگەژەکە لە کۆنگرەی داهاتووی رێکخراوەکەدا لە مانگی حوزەیرانی 2016دا. جێگەی باسە کە ئەرمینیاش «هاوبەشی گفتوگۆیە» لە رێکخراوەکەدا. بە شیوەیەکی گشتی ئەم ئاڕاستەیە ئاماژەیە بۆ پاشەکشەی متمانەی رۆڵی ئەوروپا و کاریگەرییەکەی، سەرەڕای ئەوەی ئەوروپا بەرژوەندی راستەوخۆی هەیە لە دامرکاندنەوەی ناکۆکییەکان، هەروەک چۆن ئەوروپا رووبەڕووی دەرهاویشتەکانی تەنگەژەی پەنابەران بۆتەوە لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی رۆژهەڵاتی کیشوەرەکە، هاوکات ئەم کیشوەرە سوودمەند دەبێت لە هاوردەی نەوت و گاز لە ئازەربایجانەوە، کە یارمەتیدەری دەبێت بۆ خۆڕزگارکردنی لە کۆنترۆڵی روسیا بەسەر بازاڕەکانەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئـەوەی کە دەکرێت بە پەنابردن بۆ چارەسـەری جێگرەوە نـاوی ببەین، لە پێش هەمووشیانەوە چارەسـەری یـەکلاکـردنـەوە بـە زەبـری هێزی سـەربـازی، لە هەڵکشاندایە. بەم دواییانەش باڵیۆزی ئازەربایجان لە روسیا (بوڵاد بوڵبوڵاگلۆ) لە لێدوانێکی میدیاییدا ئاماژەیدا بە سەرنەکەوتنی دانوستانەکانی ئاشتی کە ماوەی دوو دەیەیە درێژەیان هەیە، جەختی لـەوەش کـردەوە «ئەگەر تەنگەژەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەرنەکرێت، ئەوا بە بەکارهێنانی ئامرازی سەربازی چارەسەری دەکەین».

-خۆراکپێدان و گەرمکردنی هاوبەرامبەر لەنێوان تەنگەژە و ئاڕاستەی نەتەوەیی و ناکۆکی ریشەیی دەربارەی ناساندنی سروشتی ململانێکە: ئازەربایجان لە گۆشەنیگای مافی خۆیەوە بۆ وەرگرتنەوەی سەروەرێتیی تەواوی خاکەکەی لە کێشەکە دەڕوانێت، لەو دەمەی لایەنی ئەرمینی و هاوپەیمانەکانی لە هەرێمی قەرەباخ فۆکەس دەخەنەسەر مافە مرۆییەکانی بـەرەی ئەرمینی لە هەرێمەکەدا، بە دیاریکراوییش مافی چارەی خۆنووسین، سەرەڕای داخوازییە دیفاکتۆکان، کە لەدوای خۆڕاگەیاندنی هەرێمەکە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێش 25 ساڵ کەڵەکە بوون. لە ماوەی ئەو دوو دەیەی رابردوودا، هەریەکە لە ئەرمینیا و ئازەربایجان ئەم ناکۆکییەیان کردۆتە یەکەمین پرسی نەتەوەیی خۆیان، حکومەتەکانی هەردوو وڵات بە بەردەوامی ئەم پرسە و رووداوی بەریەککەوتنە سەربازییە یەک لـەدوای یەکەکانیان لەناو رای گشتیدا بەکارهێناوە، بەتایبەت لەناو نەوەی گەنج و نوێدا، کە ئاگاییان لەسەر دۆخی دوژمنایەتی نێوان ئەم دوو لایەنە فۆرمولە بووە و بیرۆکەی زەرووەرەتـی وەرگرتنەوەی مافی خوراویان لە «قەرەباخ» لەلا خەملیوە.

بـەرزبـوونـەوەی فشارە ناوخۆییەکانی ئازەربایجان: بە شێوەیەکی گشتی ئـازەربـایـجـان گـیـرۆدەی تەنگوچەڵەمە ئابوورییەکان و نیگەرانییە کۆمەڵایەتییەکان بووە، کە پەیوەستن بە دەرهاویشتەکانی دابەزینی نرخی پترۆڵ، پاشانیش دابەزینی داهاتەکانی وڵاتەکەی. ئازەربایجان رۆژانە نزیکەی (850 هەزار) بەرمیل نـەوت بەرهەمدەهێنێت، بە شێوەیەکی تایبەتیش هەناردەکانی روویان لە ئەوروپا و ناوچەی ناوەڕاستی ئاسیایە. بارودۆخی ئابووری پاڵی بە بانکی ناوەندییەوە نا بۆ تەعویمکردنی دراوی وڵاتەکەی کە بریتییە لە «مانـاتی ئازەربایجانی»، کە بەهۆی ئەوەشەوە سێیەکی نرخەکەی لەدەستدا. دواتر کۆی بەرهەمی نەتەوەیی بە رێـژەی زیاتر لە (3.3%) پاشەکشەی تۆمارکرد، ئەوەش حکومەتی ناچارکرد بە کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان بە رێژەی (15%). لەمساڵدا ئازەربایجان لە دوای دەیەی نەوەدەکانەوە یەکەم داکشانەوەی ئابووری بەخۆوەبینی، بۆ کەمکردنەوە و سوککردنی کاریگەرییەکانی ئەم داکشانەوەیەش لەسەر هاونیشتیمانیان، بەتایبەت دوای بەرزبوونەوەی نرخەکان،

حکومەتی ئەو وڵاتە هەستا بە کەمکردنەوەی باجی سەپێنراوی سەر بەرهەم و شمەکە سەرەکییەکان، وەک ئارد و نان، هەروەها زیادکردنی ئاستی هەرە نزمی موچەی فەرمابەرانی کەرتی گشتی. بەڵام گرتنەبری ئەم سیاسەتە سەرکەوتوو نەبوو لە هێورکردنەوەی توندیی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان، کە سەریانکێشابوو بۆ ئاستی خۆپیشاندان و هەڵمەتی مانگرتن، کە ئەمەش دیاردەیەکی نامۆیە سەبارەت بە ئازەربایجان.

لە لایەکی دیکەشەوە پێشهاتە ئابوورییەکان بوونەتە فاکتەرێکی ئاستەنگ لەبەردەم یەکێک لە گەورەترین پرۆژەکانی وزە کە ئازەربایجان زەمینەی بۆ خۆشدەکرد و بە توندی بەستراوەتەوە بە «ڕێـڕەوی غازی باشوور»، کە دروستکراوە بۆ گواستنەوەی بەرهەمی غازی کێڵگەی «شا دەینیز 2»، کە دەکەوێتە بەشە ئازەربایجانییەکەی دەریای قەزوین، بەرەو وڵاتانی ئەوروپا لە ڕێگەی تۆڕێک لە تورمپا و بۆری گواستنەوە کە نزیکەی (3500 کیلۆمەتر) دەگرێتەوە، بە بڕی بەهای (45 ملیار) دۆلار. پاشەکشەی داهاتەکانی کۆمپانیای (SOCAR)ی کاروباری نەوت کە سەر بە دەوڵەتە، بۆتە مایەی پەنابردنی دەوڵەت بۆ فرۆشتنی سەنەدەکانی دۆلار بە زەمانەتی حکومەت بۆ فەراهەمکردنی کەرەستەکان بۆ پارەدارکردنی پرۆژەکە، کە ئامانجیەتی پێش کۆتاییهاتنی ساڵی 2016 (2 ملیار) دۆلار قـەرز وەربگرێت لە دەستەی قەرزەکان، کە بڕێکی کەم سوودی بچێتە سەر و بە ماوەیەکی درێژ بدرێتەوە، لە دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییە گەورەکان، لە پێش هەمووشیانەوە بانکی ئەورووپی بۆ دووبارە بونیادنانەوە و پەرەپێدان (EBRD)، هەروەها بانکی پەرەپێدانی ئاسیا. بەڵام بارودۆخی ناوخۆیی پاش ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکانی ئەم دواییە گۆڕانی بەسەردا هات، بەجۆرێک تازەترین ڕاپرسی ئەوەی ئاشکراکردووە کە تۆنی ناڕەزایەتییەکانی جەماوەر نزمبۆتەوە، لە بەرامبەردا پاڵپشتی جەماوەریی بۆ حکومەت زیادیکردووە. هاوکات چەقی گرنگیپێدانی ڕای گشتی و مێزی میدیاکان گفتوگۆ بوو لەسەر بەرەوپێشچوونەکانی قەیرانی «قەرەباخ»، کە ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە تازەکردنەوەی ئاراستەی ئاپۆرای نەتەوەیی بەرەو پرسەکە و دووبارە یەکبوونی ڕای گشتی سەبارەت بە سیاسەتی حکومەت.

**تورکیا ئامادەیی پاڵپشتیی ڕەهای خۆی دەربڕیوە بۆ ئازەربایجانی هاوپەیمانی، کە هاوکات لەگەڵیدا هاوپەیمانێتیی هاوبەشیی ستراتیژی و هاوکاریی دوولایەنەی لەگەڵیدا بەستووە لە ساڵی 2011.**

گەشەکردنی توانا سەربازییەکانی ئازەربایجان: حکومەتەکەی سـەرۆک (ئیلهام عەلییێڤ) لە مـاوەی ئەم دە ساڵەی دواییدا، بە سوودوەرگرتن لە بەرزیی نرخی نەوت کاریکردووە لەسەر گەشەپێدانی توانستە سەربازییەکانی وڵاتـەکـەی، ئەمەش سەرکەوتنێکی سەربازیی بەرچاوی بەخشیوەتە ئازەربایجان لە بەرامبەر هاوتا ئەرمینییەکەیدا، بە جۆرێک ڕاپۆرتەکانی (Global Fire Power)، کە تایبەتمەندە بە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی توانا سەربازییەکانی نزیکەی 135 دەوڵەتی جیهان و (پەیمانگای نێودەوڵەتی ستۆکهۆڵم بۆ ئاشتی)، ئەوەیان دەرخستووە کە کەلێنێکی گەورە کەوتۆتە نێوان توانا سەربازییەکانی ئەو دوو وڵاتەوە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا. لە بودجەی ساڵی 2015ی

ئازەربایجاندا، کۆی خەرجییەکانی کەرتی بەرگری گەیشتۆتە نزیکەی (4 ملیار) دۆلار، کە چەند کەرەتێک زیاترە لە خەرجی تەرخانکراو لە بودجەی هەمان ساڵی ئەرمینیا بۆ کەرتی بەرگری، کە برەکەی (500 ملیۆن) دۆلار تێناپەڕێنێت، هاوکات ئازەربایجان پاش بەریتانیا دووەم هاوردەکەری چەکە لە ئەوروپا، چوارەم هاوردەکەر و کڕیاری شەڕکەرە ئاسمانییەکانە لەسەر ئاستی جیهان، پاش بەریتانیا و هیندستان و ئیتاڵیا.

(Global Fire Power) ئاماژەی بەوە داوە کە تای تەرازووی خەرجی بەرگری نێوان هەردوو دەوڵەت بە جیاوازییەکی گەورە لە بەرژەوەندی ئازەربایجان شکاوەتەوە، تەنها لە یەک لایەندا ئازەربایجان لە پێشەوە نییە، ئەویش ژمارەی هێزەکانیانە لە هێڵی پێشەوەی رووبەڕووبوونەوەکە، کە ژمارەی سەربازەکانی هەردوولا بە (70000 سەرباز) خەمڵێندراوە.

لە رووبەڕووبوونەوەکەی ئەم دواییەدا بەرەوپێشچوونێکی ئاشکرا بەدیدەکرێت لە ئاستی جموجوڵە سەربازییەکان و جۆری کەرەستە سەبازییە بەکارهاتووەکان، کە ئەمەش پۆلێنکردنی دۆخەکەی لە تەنها پێشێلکردنی ئاگربەست و ئاڵۆزیی جاربەجارەوە بەرزکردۆتەوە بۆ ئاستێکی نزیک لە جەنگ، یاخود هەڕەشەیەکی راستەقینە بۆ روودانی جەنگ لە داهاتوودا. مەبەستی ئازەربایجان لە پشت ئەم هەڕەشانەوە، بریتییە لە گۆڕینی فاکتی سەر زەمین لە میانەی دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی بەشەکانی ئەو هەرێمە، کە بەم دواییانە سەرانی ئەو وڵاتە بەدەستهێنانەوەی هەندێک خاڵ و پێگەی شاخاوییان راگەیاند. هەروەها ئامانجێکی دیکەی بریتییە لە فشارخستنەسەر لایەنی ئەرمینی و تێچوونی زیانێکی زۆری مرۆی و سەربازی، و دووبارە دانپێدانانی لایەن پەیوەندیدارە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بە توانا و ئامانجەکانیدا، بەجۆرێک خولەکانی داهاتووی دانوستانەکان بە ئاراستەی بەرژەوەندیی خۆیدا وەربچەرخێنێت و ئەرمینیا ناچاربکات بە پەسەندکردنی هەندێک سازش.

## رۆڵی هێزە هەرێمییەکان

پێشهاتەکانی ئەم دواییە پەردەیان لەسەر چەند سەرەداوێک لادا بۆ دووبارە دەستنیشانکردنەوەی باڵانسی هێز لەنێوان هێزە هەرێمییەکاندا، کە هاوکاتە لەگەڵ: سەرقاڵیی ئەوروپا بە قەیرانە ناوخۆییەکانی، هەوڵدانی روسیا بۆ بینینی رۆڵێکی گەورەتر لەسەر گۆڕەپانی جیهانی بە گشتی و ئەوروپی بەتایبەتی، هەوڵەکانی ئێران بۆ هێنانەپێشەوەی رۆڵی خۆی لە ناوچەی دەریای قەزوین و تەنانەت خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش، بەدەوامیی هەوڵ و کۆششەکانی تورکیا بۆئەوەی ببێتە یاریزانێکی کاریگەر لەسەر هەمان گۆڕەپان.

ئێران: لەپاش هەڵگرتنی سزا نێودەوڵەتییەکان دژ بەو وڵاتە و کۆتاییهاتن بە کەنارگیرخستنی، هەوڵیداوە رۆڵێکی گەورەتر ببینێت لە میانەی یەکەم کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و روسیا و ئازەربایجان، کە رۆژی 7ی مارسی ئەمساڵدا لە (باکۆ)ی پایتەختی ئازەربایجان بەسترا، گەلێک بابەتی لەخۆگرتبوو، لەنێویاندا ژمارەیەک لە پرۆژەی پاڵپشتیی هاریکاریی هەرێمی و گەشەپێدانی ژێرخانی پێویست بۆ هاندانی ئەو هاریکارییە، وەک هێڵی ئاسنی نوێ. هەروەها سوڕانەوەی گفتوگۆ سێقۆڵییەکان بە دەوری قەیرانی هەرێمی قەرەباخدا، هێمایەک بوو بۆ ئەگەری ئامادەییەکی زیاتری رۆڵی هەرێمیی ئێران لە ماوەی داهاتوودا.

تورکیا: تورکیا ئامادەیی پاڵپشتیی رەهای خۆی دەربڕیوە بۆ ئازەربایجانی هاوپەیمانی، کە هاوکات لەگەڵیدا هاوپەیمانێتیی هاوبەشیی ستراتیژی و هاوکاریی دوولایەنەی لەگەڵیدا بەستووە لە ساڵی 2011. بەڵام گرانە وێنای دەستتێوەردانێکی راستەوخۆ و کاریگەری تورکیا بکەین بە پێشکەشکردنی پاڵپشتیی سەربازی بۆ ئازەربایجان، ئەوەش بەهۆی سەرقاڵیی دامەزراوەی سەربازی و ئەمنی تورکیا بە بەڕێوەبردنی رووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ کوردەکان و لێکەوتەکانی شەڕی سوریا بە توندوتۆڵکردنەوەی سنوورەکانی، سەرەڕای ئەو فشارانەی کە بەهۆی بۆردومانەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە رووبەڕووی بەرژەوەندییەکانی بوونەتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەو فشارەی قەیرانی پەنابەران دروستیکردووە بۆ داهات و سامان و توانستی دامەزراوە جیاجیاکانی. هەموو ئەوانە لەلایەک و رەخنە و ناڕەزایەتییە نێودەوڵەتییەکان لە لایەکی تر کە رووبەڕووی حکومەتەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان دەبنەوە بەهۆی سیاسەتەکانی لە

مامەڵەکردنی لەگەڵ دۆسیەکانی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی و ئازادییە میدیاییەکان.

روسیا: روسیا خاوەن کۆمەڵێک پێدراوە کە یارمەتیدەدات بۆ بینینی رۆڵێکی هەرێمیی کاریگەر: روسیا بە هاوپەیمانێکی سەرەکیی هەردوو لایەنی ناکۆکییەکە دادەنرێت و هەناردەکەرێکی سەرەکیی چەکە بۆ هەردوو وڵات. راپۆرتێکی پەیمانگای ستۆکهۆڵم بۆ ئاشتی ئەوەی ئاشکراکردووە کە روسیا هەناردەکەری سەرەکیی پرۆژەی گەشەپێدانی توانا سەربازییەکانی ئازەربایجانە، بەجۆرێک ئەم وڵاتە نزیکەی (85%)ی چەک و کەرەستە سەربازییەکانی لە روسیاوە هاوردە دەکات. هاوکات ئازەربایجان لە وڵاتانی تورکیا و ئیسرائیل و بیلاروسیاشەوە چەک هاوردەدەکات. لە هەمان کاتدا روسیا هاوپەیمانێکی سەرەکیی ئەرمینیایە و بنکەی سەربازیی روسیا لەسەر خاکی وڵاتەکەی بوونی هەیە، کە بەم دواییانە روسیا تانکی جۆری (MIG-29)ی لەسەر بڵاوکردۆتەوە، کە لە بنەڕەتدا ئەم مانۆڕانە ئاڕاستەی لایەنی تورکیین، زیاتر لەوەی دەستتێوەردانێک بێت لە بەرژەوەندی ئەرمینیا لە پێکدادانەکانی داهاتوودا، ئەوەش بەهۆی نزیکیی بنکە سەربازییەکە لە سنوورەکانی تورکیاوە. هاوکات ئەرمینیا بۆتە ئەندام لە رێکخراوی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە سەرۆکایەتی روسیا، سەرەڕای خواستی ئەرمینیا بۆ لایەنی روسیا لە بەرامبەر ئەوروپا، سەرەڕای ئەوەی ئەرمینیا دەستپێشخەرییەکی یەکێتیی ئەروپای رەتکردەوە بۆ وەرگرتنی سیفەتی ئەندامی بەشدار (Associate member) لەو یەکێتییەدا، هەر هێندەش نا، بەڵکو پەلەی کرد لە پەیوەندیکردنی بە یەکێتیی ئابووری ئۆراسیا بە سەرۆکایەتیی روسیا. روسیا لە شوباتی 2016دا پێشینەیەکی بە بەهای (200 ملیۆن) دۆلار پێشکەش بە ئەرمینیا کرد وەک تەموילێک بۆ گرێبەستە سەربازییەکانی بۆ کڕینی ژمارەیەک لە کەرەستەی جەنگیی کە یارمەتیدەری ئەرمینیا دەبن لە گەشەپێدانی توانا سەربازییەکانی، لەنێویشیاندا کڕینی فڕۆکەی شەڕکەری جۆری (SU - 30SM).

روسیا بە پاڵێوراوی یەکەم دادەنرێت بۆ بینینی رۆڵی سەرەکی لە نێوەندگیریی بە مەبەستی کۆتاییهێنان بەم ناکۆکییە، بەتایبەت لە چوارچێوەی پاشەکشەی کاریگەرێتیی گروپی (مینسک)دا، کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا هیچ بەرەوپێشچوونێکیان بەدەستنەهێناوە، هەروەها روسیا گرنگییەکی زۆر دەدات بە باڵاکردنی رۆڵی خۆی لەسەر گۆڕەپانی جیهانی، بەتایبەت لە ناوچەی قەوقاز کە دەبێتە دراوسێی راستەوخۆی. لە میانەی قەیرانەکەی ئەم جارەدا روسیا لە هەردوو وڵاتدا ئامرازە دیبلۆماتییەکانی خۆی بەگەڕخستووە، بەجۆرێک وەزیری دەرەوەی روسیا (سێرگی لاڤرۆڤ) لە یەکەم رۆژی قەیرانەکەوە جەختی لەوە کردۆتەوە کە وڵاتەکەی سەرجەم توانستەکانی خۆی بەگەڕدەخات لەپێناو بەدیهێنانی چارەسەری خێرا و ئاشتیانە بۆ قەیرانی قەرەباخ، هەروەها روسیا ئاستی دەستتێوەردانەکانی بۆ بەرزترین ئاست بەرزکردۆتەوە بە ناردنی هەریەکە لە وەزیری دەرەوە (لاڤرۆڤ) و سەرۆک وەزیران (مێدڤیدێڤ) بۆ پایتەختەکانی ئەرمینیا و ئازەربایجان، بە مەبەستی لێکنزیککردنەوەی تێڕوانینەکان و هەوڵێک بۆ دانانی بناغەی چارەسەرێکی هەمیشەیی لە سەروبەندی کۆتاییهێنان بە پرسی ئاگربەست. بەڵام ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا، پاڵ بە تورکیاوە دەنێت بۆ ئاستەنگ دانان لەبەردەم ئەم هەوڵانەدا لە رێگەی کاریگەریدانان لەسەر ئازەربایجان، هەروەک چەند دەنگێک لە لایەنی ئەوروپییەوە بەرزبوونەتەوە کە زەرووەرەتی پارێزگاریکردن لە رۆڵی ئەوروپا پیشاندەدەن سەبارەت بەم ناکۆکییە، لەم بارەیەشدا ئەڵمانیا گرنگیپێدانێکی روونی پیشانداوە بۆ بەگەڕخستنی هەوڵەکانی. لەبەرئەوەی سنوورێک هەیە بۆ کاریگەریدانانی گشت لایەنێک لە لایەنە هەرێمییەکان، هەتاوەکو ئێستاش چارەسەری دیبلۆماسی هەڵێکی لاوازی لەبەردەمدایە، ئەمەش هەڕەشەیە بۆ بەرزبوونەوەی هەلەکانی پەنابردنە بەر چارەسەری سەربازی.

سەرچاوە: المركز الإقليمي للدراسات الاستراتيجية
http://www.rcssmideast.org/Aboutus.aspx?ArticleId=49